# دڵی زێڕین

نووسینی: ئولف ستارک

وشەی کۆتایی: شێل ئاندێرسسۆن

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی:

سیروان کاروانی

وێنەی ڕووی بەرگ: ڕێبوار سەعید

نیگارەکانی ناوەوە: ڕێزان چالاک

نووسینی: ئولف ستارک، 1996

© وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی:

سیروان کاروانی

وێنەی ڕووی بەرگ: ڕێبوار سەعید

نیگارەکانی ناوەوە: ڕێزان چالاک

چاپی ئێنگلاند 2004

...............................................................

Text: Ulf Stark، 1996
©_Översättning till Kurdiska av:
Sirwan Karvani
Omslag: Rebwar Saeed
Teckningar: Rezan Chalak
Bonnier Carlsen piblicerade orginalutgåvan 1996
Tryckt i England 2004
Support off: Culture and educationscommittee- Örebro city

ISBN 91-971618-9-6

# شتێک لەناو چاوی لودڤیگ دەدات

تیشکی ڕۆژەکە بە تـژی لەسەر ملـی لودڤـیگ دەبریسکێتەوە، کاتێـک ئـەو خـۆی بـۆ لای عـامووودی ڕاسـتی دەروازەی گۆڵـەکە دەنوشتێنێتەوە و تەماشای کاتژمێر دەکات. بەزووییش مامۆستا قەڵەوەکەی وەرزش فوو بە فیکفیکەکەیدا دەکات. ئەوسا ئـەوان وەک هــەموو جــارانی پێشــوو دەیبەنــەوە. ئــەوکات ئــەوان دەستەکانیان بۆ ئاسمان درێژ دەکەن و ئەوەندەی هێزیان تێدایـە هاوار دەکەن.

لودڤیگ نەیهێشتووە یەک گۆڵی لێ بکرێ. کـەمێک لەمـەوپێش پەنەرتییەکیشی گرتەوە. ئەو پێی خۆشە باوکی چاوی لێبووایـە. بەڵام باوکی لـەوێ نییـە. لودڤـیگ هـەتا دووازدەی مـانگی حـەوت ناتوانێ باوکی ببینێ. ئەوسا ئەوان لە "دالسلاند" بە بەلەم سـەوڵ لــێ دەدەن و لودڤـیگ-یـش دەربـارەی یاریکردنـە جوانەکـەی دەگێڕێتەوە. ئەوە شـتێکە لودڤـیگ بـیری لـێ دەکاتـەوە کاتێـک باوەشی بە عاموودەکەدا کردووە.

سیمۆن بانگ دەکات:

- هەللۆ، لوددێ! بەئاگاوەرە.

بەڵام هیچ مەترسییەک نییە. تۆپەکە هێشتا لە لایەکەی تری گۆڕەپانەکەدایە، ئەوان یەک بە سفر لە پێشەوەن و بەزووییش یارییەکە کۆتایی دێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لودڤیگ لە ناوەڕاستی گۆڵەکە ڕادەوەستێ و کڵاوەکەی هەڵدەتەکێنێ. مانای ئەوەیە، سەغڵەت مەبن. ئارام بن. من توانام بەسەر هەموویاندا دەشکێ.

لەو چاوترووکانەدا پرشنگێکی خۆر لە دەموچاوی دەدات، خاڵێکی گچکەی بریقەدار کە ڕاست بۆ ناو چاوی لودڤیگ دەگەڕێ. پاشان ئەو هیچ نابینێ، چونکە لە لایەکەی تردا کچێک ڕاوەستاوە. لە چاڵی گەردەنی کچەکەدا، شتێکی پێدا شۆڕبۆتەوە کە بریسک دەهاوێ و دەدرەوشێتەوە.

لەبەر ئەوە لودڤیگ تۆپەکە نابینێ کە بە مەترسییەوە بەسەر گۆڕەپانی یارییەکەدا دێ و، هەروەها ئەو کوڕە باریکەلەیەش کە ئامانجی ئەوەیە تۆپەکە بخاتە بەر پێی خۆی.

لودڤیگ هێشتا بە کڵاوەکەی دەستییەوە بەبێ جووڵە ڕاوەستاوە، لە کاتێکدا تۆپەکە بە هێواشی بە تەنیشتی پێڵاوی ڕاستەیدا بۆ ناو گۆڵەکە خلۆر دەبێتەوە.

ئەوسا دادوەرەکە فوو بە فیکفیکەکەیدا دەکات.



پاشان، کاتێک یوهان لە سەرشۆرکەکەدایە، بانگ دەکات:

- تۆ چۆن توانیت؟

– چی؟

– چۆن توانیت ئەو تۆپە ئاسانە لەدەست بدەی! هەرچەندە تۆپەکە ڕاست لەبەر پێیەکانی تۆوە خلۆر بووەوە ناوەوە.

– تیشکی ڕۆژەکە لەناو چاومی دەدا!

لودڤیگ ماوەیەکی تر لە سەرشۆرکەکەدا دەمێنێتەوە. هەستەکەی پێ خۆشە کە پڕوشکە ساردەکان هەڵدەگەڕێنەوە و بەر پێستی دەکەون. ئەو حەزی لە دەنگی پرژانی ئاویشە. کاتێک تەماشای هاوڕێکانی دەکات، کەسێک نابینێ خەندەیەکی لێوە بێ. کەسێکیش ناڵێ ئەو تیشکی خۆر لێی داوە. سیمۆن دەڵێ:

– ئێه، گوێی مەدەرێ.

یوهان دەڵێ:


– نەخێر، بەهەرحاڵ، تۆ پەنەرتییەکەت گرتەوە.

لە پاش خوێندن لەگەڵمان دێی بۆ سەر دەریاچە؟

لودڤیگ دەڵێ:

– بۆم ناکرێ. دەبێ ئەوکات مەشق بکەم.

ئەوسا لودڤیگ لە سەرشۆرکەکە دێتە دەرەوە و چاوی خۆی وشک دەکاتەوە، چونکە لەوێدا هێشتا هێندێک ڕووناکیی تێدا ماوە.




# لودڤیگ ئاوازی بیتهۆڤێن لێ دەدات

تیشکی هەتاوی پاشنیوەڕۆ لە نێوان لەوحەگەورەکەی پەنجەرەی کۆگاکەی پیانۆی هێننینگسێن-ەوە ڕەونەق دەداتە ژوورەوە.

هەتاوەکە بەسەر گوڵەباغە پەمەییەکانی ناو گوڵدانەکەدا دەدرەوشێتەوە. هەر بەو شێوەیەش بەسەر لودڤیگ-دا کە لەسەر چوارکوچکەکە لای پیانۆ گەورەکە دانیشتووە و چاو دەنووقێنێ. ئەو پێویستیی بەوە نییە تەماشای پەنجەکانی بکات. هەر بەو شێوەیە پێویستیی بەوە نییە تەماشای نوتەکانیش بکات، چونکە دەتوانێ ئەو بڕەئاوازە لەبەریش لێ بدات. ئەو ئاوازە هی بیتهۆڤێن-ە. ئەو ئاوازەیە کە لودڤیگ دەبێ شەممەی داهاتوو لە پێشبڕکێکەدا لێی بدات.

لە پشتەوەی لودڤیگ-دا، دایکی و بەڕێز هێننینگسێن لەسەر چوارکوچکەیەکی تر دانیشتوون. ئەوان بە چڕی بەقەد یەکەوە دانیشتوون بۆ ئەوەی جێگایان ببێتەوە.



بەڕێز هێنننینگسێن دەچرپێنێ:

- کوڕەکەی ئێوە زۆر بە باشی پیانۆ لێ دەدات. من دڵنیام لەوەی کە ئەو دەیباتەوە.

دایکی لودڤیگ چرپەی بۆ دەکاتەوە:

- ئێوە میهرەبانن. ئێوە میهرەبانن کە ڕێگای پێ دەدەن بێتە ئێرە و مەشق بکات.

بەڕێز هێنینینگسێن دەڵێ:

- ئەو هەرچەندی بیەوێ دەتوانێ بێتە ئێرە. هەڵبەتە ئێوەش. هەستەکانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی دەبزوێن، کاتێک گوێ لەو بگری پیانۆ لێ بدات.

دایکی لودڤیگ بە ستایشەوە لە کوڕەکەی خۆی دەڕوانێ.

بەڕێز هێنینینگسێن-یش بە ستایشەوە لە دایکی لودڤیگ دەڕوانێ.

نزیکەی هەموو پاش نیوەڕوانێک لودڤیگ دەچێتە کۆگاکەی هێنینینگسێن و ماوەیەک مەشق دەکات، چونکە لە کاتی ئێستادا ئەوان لە ماڵەوە پیانۆیان نییە. ئەوان پاییزی پێشووتر فرۆشتبوویان.

بەڵام ئەوە شتێک نییە. هەر ئەوها باشترە. بەهەرحاڵ، وا ڕێکناکەوێ کە خەڵک زۆر جاران بێن و پیانۆ بکڕن، بۆیە ئەوان بەزۆری لە ئاسوودەییدا دەژین. بەڕێز هێنینینگسێن هەموو شتێک دەربارەی پیانۆلێدان دەزانێ. سەردەمێک ئەو خۆی

پیانۆلێدەرێکی هیوابەخش بوو، ئەوسا لە دانیمارک دەژیا. بەڵام ئەودەم نەخۆش کەوت. جۆمگەکانی ئازاریان تێکەوت و پەنجەکانی زیاتر ڕەق دەبوون. هێننینگسێن دەڵێ:

– ئێستا پەنجەکانم تەنها بە کەڵکی ئەوە دێن سیگاریان پێ بگرم. بۆیە دڵخۆشم ئەگەر بتوانم پەنجەکانی تۆ فێر بکەم هەر وەک پەنجەکانی خۆم کە سەردەمانێک دەیانتوانی.

ئەو کاتانەی لودڤیگ لە پیانۆلێدان تەواو دەبێ، ئەوان لە چێشتخانە گچکەکەی ناو کۆگاکە دادەنیشن و قاوە دەخۆنەوە و نانی (وییێنێر×)ی لەگەڵ دەخۆن. جارجار ئەوان دەستێک یاریی کاغەزی کۆنکەن دەکەن. جارجاریش لودڤیگ یارمەتی دەدات بە پاککردنەوەی ئامێرەکانی موسیکا.

بەڵام ئەمڕۆ ئەوان قاوە ناخۆنەوە، چونکە سیمۆن و یوهان لە دیوی دەرەوە لەسەر شۆستەکە ڕاوەستاون و سەری لووتیان بە شووشەی پەنجەرەی کۆگاکەوە ناوە. ئەوان ڕوویان وەردەگێڕن و دەستیان بۆ دووری ڕێیەکە درێژ دەکەن، بۆیە لودڤیگ لە ناوەڕاستی تۆنی پیانۆلێداندا کۆتاییی پێ دەهێنێ.

دایکی دەپرسێ:

– لودڤیگ! ئەوە چییە؟

لودڤیگ دەڵێ:

– لام وابێ ماسولکەکانی دەستێکم گرژ بوونە. باشتر وایە ئەمڕۆ کۆتاییی پێ بهێنم.

– تۆ دەڵێی چی؟ ئێستا کە پێشبڕکێکە بەم زووانە دەست پێ دەکات.

بەڕێز هێننینگسێن دەڵێ:

– ئەوە هیچ مەترسییەک نییە. تۆ ڕاکە بۆ دەرەوە و نەفەسێکی خاوێن وەرگرە، ئەوسا منیش دایکت بە قاوە داوەت دەکەم.

× **نانی ویێننێر**- Wienerbröd: **جۆرێک نانی بچووکە لەگەڵ قاوە دەیخۆن.**



# دڵێکی بزربوو

لودڤیگ لەسەر باسکیلەکەی سیمۆن لای پشتەوە دادەنیشێ، چونکە باسکیلەکەی خۆی لەماڵەوەیە. ئەوان بە تەنیشت خانووە بەکرێیەکاندا باسکیل لێدەخوڕن، کە پەنجەرەکانیان کراونەتەوە و لەناو باخچەکاندا کورسیی خۆدانە بەر هەتاو و نەمامەگوڵەباغیان لێیە. ئەوان بۆنی چیمەنی تازەبڕاو، خەڵووزی سوورەوەبوو و نەوتی بۆ ئاگرهەڵکردن هەڵدەمژن. چونکە ئەمڕۆ زۆر گەرمە، ئیتر خەڵکی هەموو دەیانەوێ لە دەرەوە نان بخۆن. هێشتا چەندین کاتژمێری تریش گەرما دەمێنێ.

سیمۆن هەناسەیەک هەڵدەکێشێ:

– من تێناگەم تۆ خەریکی چیی. سەیرە، تۆ ڕۆژانە چەندین کاتژمێر لە تەنیشتی ئەو پیانۆیە دادەنیشی.

یوهان دەپرسێ:

– بەڵێ وایە، تۆ هەرگیز ماندوو نابی؟ لودڤیگ دەڵێ:

– نەخێر. هەر وەک ئەوە وایە لەگەڵ خودا بپەیڤی.

لودڤیگ کڵاوەکەی بۆ پێش و پشتەوە دەسووڕێنێ. ئەوسا ئەو چاوی دەنووقێنێ و لەزەت لە وڕەی بایەکە وەردەگرێ. پاش

ماوەیەک وڕڕەی بایەکە بەهێزتر دێ، چونکە ئەودەم باسکیلەکە سەربەرەوخوار بەرەو دەریاچەکە وژژەی دێ.

لودڤیگ دەڵێ:

– کە قۆڕە! من دەرپێ قووتەی مەلەکردنم لەبیر کردووە.

سیمۆن دەڵێ:


– کەوابێ بە مایۆکەتەوە مەلەوانی بکە.

هێندێک لە دووری ڕۆخی دەریاچەکەوە کەرەکێکی بچووکی لێیە و قرتەقرت دەکات.

ئەوان وەک هەموو جارێ یاریی "ئاغای خۆڕاگر" دەکەن. ئەوەش بە واتای ئەوەیە، مرۆڤ هێندەی بتوانێ بەرەنگاری بکات و لەسەر کەرەکەکە بمێنێتەوە. ئەوانەش کە هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە سەرەوە، دەبێ فڕێ بدرێنە ناو ئاوەکەوە بە جۆرێک کە بریسکەی هەتاوەکەی تێکەڵ بێ و پەرش و دڵۆپ دڵۆپ بێ.

ئەمە یارییەکە لودڤیگ حەزی لێ دەکات. ئەو حەزی لێیە زۆرانبازی لەسەر تەختەدارە تەڕ و خلیسکەکانەدا بکات. ئەو حەزیشی لێیە لەناو ئاوەکە بە خێرایی مەلەوانی بکات.

بەڵام ئەمڕۆ تەنها لە دەوروبەری خۆی مەلەوانی دەکات. ئەو بەکاوەخۆ مەلەوانی دەکات بۆ ئەوەی ئاستی سەر قوونی نەکەوێتە سەر ئاوەکەوە، چونکە ئەو ئێستا تەنها دەرپێ قووتەی



ئاساییی لە پێیە. ئەو کچەش کە لەسەر کەرەکەکەیە و ئەوانی تر فڕێ دەداتە ناو ئاوەکەوە، هەر ئەو کچەیە کە پێشتر هێزی بینینی چاوی لودڤیگ-ی نەهێشتبوو.

بە دەوری ملی کچەکەوە دڵێکی لە زێڕ شۆڕ بووەتەوە.

یوهان بانگ دەکات:

- لوددێ! دەی وەرەوە. دەبێ تۆش یارمەتیمان بدەی.

ئەوسا لودڤیگ هەڵدەگژێتە سەرەوە. بەڵام ئەو هیچ پێڕا ناگات کچەکە بگرێ، هەتا پاڵێکی بەتین بە سینگییەوە دەنرێ. لودڤیگ باسکەکانی لە هەوادا هەڵدەشەقێنێ وەختێک دەکەوێتە خوارەوە. ئەو گوێی لە پێکەنینی کچەکەیە و هەست دەکات کە شتێک بەر دەستی کەوتووە. ئیتر ئەو لەژێر ئاوەکەدایە و تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی بکەوێتەوە سەرەوە و جارێکی تریش فڕێ بدرێتە ناو ئاوەکەوە.

بەڵام کاتێک لودڤیگ دەکەوێتەوە سەر ڕووبەری ئاوەکەوە، کچەکە لە لاسووچی کەرەکەکە لەسەر چۆکە و تەماشای ناو ئاوەکە دەکات. لودڤیگ دەڵێ:

- ئەوە چییە؟ ئەدی تۆ بەردەوام نابی؟

کچەکە دەڵێ:

- نەخێر، من دڵەکەمم لێ بزر بووە. تۆ زنجیرەکەیت ڕاپسکاند کاتێک بەسەردا بەربوویەوە.



# دەکرێ ئێستا پێکەوە بین؟

هەموویان هاوکارییان کرد بە دوای ئەو دڵە بزربووەدا بگەڕێن. بەڵام دوای نیوکاتژمێر ئەوانی تر وازیان هێنا، چونکە ئەوسا مێشوولە پەیدا بوو و دەبێ هەموویان بچنەوە ماڵ و نان بخۆن.

سیمۆن دەڵێ:

- ئایا ڕاستە تۆ لەگەڵمان نایەی؟


لودڤیگ دەڵێ:

- بەڵێ، من ماوەیەکی تریش دەمێنمەوە. من چەندجارێکی تر دەچمە ژێر ئاوەکەوە. بەهەرحاڵ، ئەوە سووچی من بوو.

لودڤیگ ئەوانی تر دەبینێ بۆ لای دەوەنەکانی ڕۆخی دەریاچەکە دەچن بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن. پاشان بە سواریی باسکیل دەڕۆن.

بەڵام لودڤیگ لە تەنیشت کەتەرینا دادەنیشێ و پێیەکانی شۆڕ دەکاتە ناو ئاوەکەوە. کچەکە ناوی کەتەرینایە، کچەکەی کە دڵە لە زێڕەکەی خۆی بزر کرد.

ئەوان لە لێواری کەرەکەکە دادەنیشن بەبێ ئەوەی پێیەکانیان



بجوولـێنن و چـاوەڕێی ئـەوەن ئـاوە لێخنەکـە پـاش ئـەو هـەموو لەدواگەڕانە سەرلەنوێ ڕوون ببێتەوە. کەتەرینا دەڵێ:

– باپیرەم ئەو دڵەی دامـێ. ئـەو کاتـەی ناویـان لـێم نـا، دڵـەکەم وەرگرت. ئەو خۆی دروستی کردووە. ئەو دڵـی لـە زێـڕ و ئـامێری ڕادیۆی دروست دەکرد.

لودڤیگ دەڵێ:

– دڵتەنگ مەبە. من وازی لێ ناهێنم تاکوو نەیدۆزمەوە.

لودڤــیگ دەزانــێ چەنــد ناخۆشــە. جارێکیــان خــەریک بــوو کاتژمێرەکەی کە باوکی پێی دابوو، بزر بکات.

کاتێک لودڤیگ خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەوە، هاوار دەکات:

– دواجارە!

ئەوسـا دونیـا تـاریکتر داهـات. ڕۆژەکـە خـەریک بـوو لـە پشـتی چڵـەپۆپەی دارەکانـەوە ئـاوا بـێ. لودڤـیگ خـۆی بـەو زنجـیرە ئەسـتوورەوە شـۆڕ دەکاتـە خـوارەوە کـە کەرەکەکـەی تـا بـنی دەریاچەکە پێوە بەسترابووەوە. ئەو حەز لەو تاریکییە سەوزباوە دەکات و، ئەو بێدەنگییە گەورەیەی کە مرۆڤ تـەنها لـەژێر ئـاودا دەیبیستێ.

لودڤیگ بە چاوی کـراوەوە مەلـەوان دەکـات. ئـەو بـەرد بـە بـەرد تەماشا دەکات. ئەو گیایەکان دەبینی لەسەرەخۆ بۆ پێش و پاش

دەشنێنەوە. ئەو مەلەوان دەکات تا ئەو کاتەی ناتوانێ زیاتر هەناسە ڕابگرێ. ئەوسا ڕێک ئەو کاتەی دەبووایە سەرکەوێتە سەر ئاوەکەوە، دەبینێ لە بنی دەریاچەکەدا کەوتووە و دەبریقێتەوە، وەک ئەوەی هێشتا وردە تیشکی ڕۆژەکە مابێ. لودڤیگ دڵەکە توند لەناو دەستیدا دەگرێ کاتێک دەکەوێتەوە سەرەوەی ڕووبەری ئاوەکەوە.

پاشان، کاتێک ئەوان لە ڕۆخی دەریاچەکەدا ڕادەوەستن، کەتەرینا دەڵێ:

– سوپاس میهرەبان.

لودڤیگ دەڵێ:

– ئێه، بەهەرحاڵ، من خۆم حەزم لێیە بچمە ژێر ئاوەوە.

کەتەرینا لە پشتی نەمامەئاڵدەرێکدا×، پانتۆڵی کاوبۆی و بلوزێک لەبەر دەکات. لودڤیگ-یش کڵاوەکەی دەکاتە سەری و پانتۆڵەکەشی لەسەر دەرپێ قووتە تەڕەکەیەوە هەڵدەکێشێتە پێی. ئەو بە دەستی هەست پێ دەکات کە پشتەوەی تەڕە، بەڵام کەتەرینا سەرنجی ئەوە نادات. کەتەرینا تەماشای دڵەکە دەکات کە قووپاوە، لەبەر ئەوەی کاتێک بچکۆلە بوو دڵەکەی جویبوو. ئەو تەماشای زنجیرە سواوەکە و ناوەکە دەکات کە باپیرەی لەسەری نەخشاندبوو. کەتەرینا دەڵێ:

– دەبێ ئەمە چاک بکرێتەوە. ئێستا ناتوانم بیکەمە ملم.

لودڤیگ دەڵێ:

– بۆم هەیە ببیینم؟

لودڤیگ زنجیرەکە بە دڵـەکەوە دێنـێ و دەیخاتـە ملـی کەتـەرینا. ئـەو بـە هۆشـیارییەوە لـە پشـتەوەی قژەکورتەکـەی پشـت ملـی کەتەریناوە گرێی دەدات. پاشان لودڤیگ دەڵێ:

– بەڵێ ئەوها. ئێستا شوێنی خۆی گرتووە.

ئەوسا کەتەرینا ماچێکی خێرای دەکات. لودڤیگ دەڵێ:

– ئێستا پێکەوە بین؟

کەتەرینا دەڵێ:

– نەخێر، ئێستا ئێمە دەڕۆین.

× **ئالدەر**: **ناوی جۆرە درەختێکە.**

# دەبێ ئەوە
# بەڕاستی بێ

ئەوان لەسەرخۆ بە ناو دارستانەکەدا دەچنەوە ماڵ. بای ئێوارە بەسەر دارکاژە تاریکەکانەوە گڤەی دێ. لە دووری ئەوێشدا، دەنگی خوێندنی تیترواسکێک دێ.

لودڤیگ دەپرسێ:

– ناتەوێ لەگەڵ من پێکەوە بین؟

کەتەرینا دەڵێ:

– ئەمە یەکەم ڕۆژە ئێمە یەکتر دەبینین.

لودڤیگ دەڵێ:

– باشە، کەوابێ بڵێین بەیانی؟ یاخود چاوەڕوان بکەین تا هەفتەی داهاتوو؟

ئەوسا کەتەرینا زەردەخەنەیەک دەکات. پاشان دیسان نائاسایی دەردەکەوێ.

– ئەگەر مرۆڤ بیەوێ پێکەوە بێت، ئەوا دەبێ بەڕاستی بێ. ئەگەر نا هیچ نرخێکی نییە. دایک و باوکی من خەریکن لێک جوودا دەبنەوە.

– دایک و باوکی من پێشتر جوودا بوونەتەوە.

- لەوێ دەبینی.

- چی؟

- خەڵک هەرچۆنێک بێ هەر دەچن پێکەوە دەژین. بەڵام من نامەوێ بەو شێوەیە بێ. دەمەوێ تۆ تێبگەی کە من کێم. دەبێ پێشانیش بدەی کە لە ڕاستیدا منت خۆش دەوێ.

- باشە چۆن؟ چۆن دەتوانم وا پێشان بدەم؟

کەتەرینا دەڵێ:

- ئەوەیان خۆت بیری لێ بکەوە.

هێشتا ماوەیەکی کەمی تریش، ئەوان لە تەنیشتی یەکترەوە بە ناو دارستانەکەدا دەڕۆن. ئەوان هیچ ناڵێن، چونکە هیچ شتێکی تریان بۆ نایەت بیڵێن. لودڤیگ بە تەواوی سەرقاڵی ئەوەیە کە هەوڵ بدات بیر بکاتەوە. کەتەریناش ئاوازێک دەچرێ کە لودڤیگ پێشتر هەرگیز گوێی لێ نەبووە.

ئەو ئاوازە لەیەک وەختدا، غەمگین و دڵخۆشکەریشە.

کاتێک کەتەرینا بە نێوان قەدەدارەکاندا بزر دەبێ، بەردەوام گۆرانی دەچرێ. لودڤیگ بە دەرپێ قووتە تەڕەکەیەوە لە ڕێچکەڕێیەکەدا دەمێنێتەوە و گوێی لێ دەگرێ و بۆنی هەرسین (گوڵەقیامەتی) دەکات. ماوەیەکی زۆر پاش ئەوەی دەنگەکە دوور دەکەوێتەوە، ئاوازەکە لە مێشکی لودڤیگ-دا هەر دەنگ دەداتەوە.



لودڤیگ ڕووەو ئاسمان هاوار دەکات:

- یەکتر دەبینینەوە! ئێمە جارێکی تر یەکتر دەبینینەوە!.

# چۆن مرۆڤ وا پیشان دەدات کە یەکێکی خۆش دەوێ

کاتێک لودڤیگ دەگەڕێتەوە ماڵ، دایکی لە بیری چووە نانی ئێوارە دروست بکات.

بەڵام چی دەبێ؟ لودڤیگ هێشتا برسیی نییە. ئیتر ئەو هەر لەناو قاپێکدا، شیر و نانەمیوە و مرەبای توی فەرەنگی دێنێ.

ئەو لە ئاشپەزخانەکە لەسەر کورسییەک ڕادەوەستێ و نان دەخوات، چونکە دایکی دەیەوێ لاقەکانی پانتۆڵەکە بخاتە سەر چاکێتە ڕەشەکەی لە کۆنەفرۆشییەکەدا کڕیبووی. دایکی خەریکە دوگمەکان دەخاتە لاقی چەپەی. دایکی دەڵێ:

– بەڵێ ئەوها. ئێستا تۆ جوان دەبی.

لودڤیگ دەڵێ:

– سوپاس، بەڵام زۆر گەورە دیارن.

– من هەر ئەوانەم دۆزییەوە. گومانی تێدا نییە ئەوانیش باش دەبن هەر کە تەواو بووم. چاکەتەکەش هەر بەو شێوەیە. تۆ

دەزانی مرۆڤ لە کاتی پێشبڕکێدا، دەبێ چاکەت و پانتۆڵی لەبەر بێ. ئابەڕاست، ئەدی دەستت چۆنە؟

– کام دەست؟

– ئـەو دەسـتەت کـە گـرژ دەبـوو. دەبـێ بـزانی کـە بـەڕێز هێننینگسێن بە تەواوی سەغڵەت بوو.

لودڤیگ دەڵێ:

– ئێه، ئەوە بەسەر چوو. دەستم چ بەڵایەکی نییە. بەڵام مـن بـیر لەوە دەکەمەوە، چۆن مرۆڤ دەتوانێ وا پێشان بدات کە یەکێکی خـۆش دەوێ. پاشـان لودڤـیگ قاپەکـە لـە تەنیشـت بـالیفی دەرزییەکانەوە دادەنێ.

ئەوسا دایکی دەرزییەکە بە نووکی پەنجەی خۆیدا دەکات.

– مەبەستت چییە؟ لەبەر چی بیر لەوە دەکەیتەوە؟

– هەر شتێک بوو بۆم هات بیری لێ بکەمەوە.

دایکی دەڵێ:

– ئەها بەڵێ.

دایکی دڵۆپێک لە خوێنی پەنجەی دەمژێ. پاشان نیگا بـۆ دوور لای پەنجەرەی ئاشپەزخانە دەکات و بـۆ ئـەوێ دەڕوانـێ، لەوێـدا گوڵدانێکی لێیە بە گوڵەباغی پەمەییەوە. دایکی دەڵێ:

– ئەها. ئەگەر مرۆڤ یەکێکی ئێجگـار زۆر خـۆش بـوێ، دەتوانـێ گوڵی بداتێ.



- گوڵ؟

دایکی سەر دەلەقێنێ. گۆناکانی دایکی وەکوو گوڵەباغەکان پەمەیین، ئەودەم دەستێک بە لاقی ڕاستەی لودڤیگ-دا دێنێ.

دایکی دەڵێ:

- ئێستا خەریکی لاقەکەی تر دەبین.

ئەو ئێوارەیە، لودڤیگ بە بێداری لە ژوورەکەیدا پاڵ دەداتەوە.

ئەو بیر لە گوڵ دەکاتەوە. پاشان بیر لە کەتەرینا دەکاتەوە. ئەو سەری دەموقڵپ دەخاتە سەر سەرینەکە و هەوڵ دەدات لە ناوەوە لەبەر چاوی خۆیدا دەموچاوی کەتەرینا ببینێ.

بەڵام ئەو هیچ نابینێ.

لودڤیگ بە بیری نایەتەوە لووتی کەتەرینا چۆن بوو، یاخود ڕەنگی چاوی چۆن بوو. ئەو خۆی دەسووڕێنێ و خۆی وەردەگێڕێ، لەوە نیگەرانە کە جارێکی تر کەتەرینا ببینێ و نەیناسێتەوە.

ئەو بیر دەکاتەوە! بەهەرحاڵ، کەتەرینا پرچی کورت و لەسەر ملی بوو. بەو شێوەیە ئەو دەچێتە قووڵایی خەوی تاریکەوە.



# مرۆڤ دەتوانێ
# گوڵ بە هەموو
# کەسێک بدات

لــە بــاری ئاســاییدا، یوهــان و ســیمۆن و لودڤــیگ لــە پشــووی نــانخواردنی نیوەڕوانانــدا پێکــەوە دەبــن. ئەوســا ئــەوان بــۆ بەنزینخانەکــە شــۆڕ دەبنــەوە و لــە نێــوان سێریاڵــی پــەڕەی ڕۆژنامەکاندا دەگەڕێن.

یــاخود دوورتــریش دەڕۆن، هــەتا لای دوکــان و کەبابخانەکــەی هــارری و بەســتەنیی نــەرم دەکــڕن و چەنــد کرۆنێــک لــە یــاریی فلیپپێــر× خــەرج دەکــەن. لودڤــیگ خۆشــیی بــە هۆڵــەکەدا دێ، کاتێک تۆپە ئاسنەکە لە ژوورەوە بە دەوروبەردا هەڵدەگەڕێتەوە و چراکان پێ دەبن و دەکوژێنەوە. ئەو لەوەیان پسپۆڕە. باوکی، ئەو هەموو ئـاجی ماجییانـەی فێـری کـردووە. لودڤیگ خێراتـرین پەنجەی هەیە لە هەموو گروپەکەدا.

×**فلیپپێر** Flipper: **ناوی جۆرە یارییەکە**.



بەڵام ئەمڕۆ لودڤیگ هەر بۆ خۆی دەخولێتـەوە، کاتێک ئـەوان دەگەنـە مەیدانـە زیخاوییەکـەی کـە کچـەکان لەوێـدا یـاریی تـۆپ هاوێشـــتن دەکـــەن، چونکـــە لـــە تەنیشـــت ڕووبـــەری تـــۆپ

هاوێشتنەکەوە کچێکی پرچ کورت ڕاوەستاوە و هەموو تۆپەکان دەگرێتەوە.

سیمۆن بانگ دەکات:

- بۆ کوێ دەچی؟ ئەدی ئێمە یاریی فلیپپێر نەکەین؟

لودڤیگ بانگ دەکات:

- نەخێر، ئەمڕۆ نا. من دەبێ شتێک بکەم.

بەو شێوەیە بۆ لای خولگەکە دەخولێتەوە، لەوێدا ڕێگاکان بەیەک دەگەن. ئەوێ پڕە لە گوڵی ڕوواندراو. لودڤیگ پێڕا دەگات دەسکەگوڵێکی ڕێکوپێک لە گوڵەباغی سوور و زەرد پێکەوە ببەستێ، پێش ئەوەی ئۆتۆمۆبیلێکی "فۆرد سیێستا" برێک بگرێ و بەرەو قەراغەکە بخزێ.

ئەوسا لودڤیگ کڵاوەکەی بۆ پێش و پاش دەسووڕێنێ و لەوێ هەڵدێ.

ئەو پێڕا دەگات بە هێوری بگەڕێتەوە، پێش ئەوەی هەڤرکێیەکە کۆتاییی بێ. ئەو لە لایەکەی تری پەرژینەکەوە بانگ دەکات:

- کەتەرینا!

لودڤیگ دوو جاری تریش بانگ دەکات، هەتا کەتەرینا تۆپە دارەکەی دەستی بەجێ دێڵێ و بۆ لای ئەو ڕا دەکات. هەموو کچەکان زەق تەماشای لودڤیگ دەکەن و مامۆستای وەرزشەکەش فوو بە شاورەکەیدا دەکات.

کەتەرینا دەڵێ:

- لودڤیگ، ئەوە چییە؟ چیت دەوێ؟

ئەوسا لودڤیگ دەسکە گوڵەکە دەباتە پێشەوە، کە لە پشتەوەی خۆیدا شاردبوویەوە. دەسکە گوڵەکە دەقاودەق بە کونی پەرژینەکەوە دەچێ.

- ئێرە! ئەمانە بۆ تۆن!

- بۆ من؟ چۆنچۆنی؟

- لەبەر ئەوەی من تۆم خۆش دەوێ. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە. دەکرێ ئێستا پێکەوە بین؟

کەتەرینا تەماشای گوڵەباغەکانی ناو گوڵزارەکە دەکات. لودڤیگ-یش تەماشای لووت و چاوی کەتەرینا دەکات و، دڵەکەش کە بە ملیدا شۆڕ بووەتەوە و دەبریسکێتەوە. ماوەیەکی درێژ بێدەنگی خۆی دەخزێنێتە نێوانیانەوە. لە دواییدا کەتەرینا دەڵێ:

- نەخێر.

- لەبەرچی؟

- مرۆڤ دەتوانێ گوڵ بە هەموو کەسێک بدات، بەڵام من شتێکم ناوێ مرۆڤ بتوانێ بە هەموو کەسێکی بدات.

من شتێکم دەوێ کە مانای شتێکی ڕاست بدات.

کەتـەرینا خـۆی دەسـووڕێنێ و ڕا دەکاتـەوە بـۆ لای ئـەوانی تـر، چونکە ئەوسا مامۆستاکەی وەرزش دەستی بە بانگکردن کرد.

مامۆستاکە بانگ دەکات:

– کەتەرینا! کەتەرینا سڤان! دەستبەجێ وەرە ئێرە!

لودڤیگ لەوێدا دەمێنێتەوە بە گوڵـەکانی دەسـتییەوە لـە نێـوان پەرژینەکــەدا و لــە دوای کەتــەرینا تەماشــا دەکــات. لــووتی دانواندووە. چاوەکانی خاکی و شـینن. کەتـەریناش نـەرم وەکـوو ئەسپێک دەجووڵێتەوە، کاتێک ئـەو بـە ڕێیەکـەی خۆیـدا بەسـەر چەوەکەدا ڕا دەکاتەوە.

لودڤیگ لەبەر خۆیەوە منگەمنگ دەکات:

– کەتەرینا، کەتەرینا سڤان.

ئێستا لودڤیگ دەزانێ پاشناوی کەتەرینا چییە.



# مرۆڤ دەبێ بە دڵی موسیک لێ بدات


بەڕێز هێننینگسێن لە ناو کۆگاکەیدا بە دەوروبەردا دەگەڕێ و بە پارچە پەڕۆیەک ئامێرەکانی موسیکا خاوێن دەکاتەوە، چونکە ئەم ئێوارەیە دایکی لودڤیگ-ی لەگەڵ نییە.

لودڤیک لای پیانۆکە دانیشتووە و مەشق دەکات. ئەو ئێستا زۆر کاتی بەدەستەوە نییە. هەڤرکێکە رێک پاش هەفتەیەکی تر دەست پێ دەکات.

لودڤیگ لەسەر ئاوازی بێتهۆڤێن، لەسەر می- مانۆر مەشق دەکات. ئەوە بەرهەمی 90 و، ڕستەی دووەمیانە. ئەوە جوانترین ئاوازیانە کە ئەو دەیزانێ. وەک تیشکی ڕۆژ لەسەر ڕووبەرێکی ئاو دەدرەوشێتەوە و لەوێشدا لەژێرەوە، ئەو قووڵاییە پڕ نهێنییە سەوزباوەی لێیە. بەڵام ئەمڕۆ هیچ شتێک نایەوێ ڕاست دەربچێ. لودڤیگ هەر پیانۆ لێ دەدات و لێی دەداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو شتەکان هەڵە دەردەچن. ئەوسا ئەو دەستەکانی بە دوگمەکانی پیانۆکەدا دەکێشێ، بە شێوەیەک ناخۆش و قەڵب کە بەڕێز هێننینگسێن لە ترسا پەڕۆکەی لە دەست بەردەبێتەوە.

بەڕێز هێنینگسێن نکەنک دەکات:

– هەرگیز شتی وا مەکە. گوێچکەکانی من بەرگەی ئەوە ناگرن.



لودڤیگ پرتەیەک دەکات:

– زۆر داوای لێبوردن دەکەم. بەڵام ئەمڕۆ پەنجەکانم وا ناکەن کە من دەمەوێ.

ئەودەم بەڕێز هێنیگسێن سیگارێک لە فستانەکەی دەردێنێ و دایدەگیرسێنێ. ئەو تەماشای دووکەڵە بازنەییەکان دەکات کە بەرەو سەرەوە و بۆ بنمیچەکە بەرز دەبنەوە. ئەوسا تەماشای پەنجە ڕەقبووەکانی خۆی دەکات. ئەو دەڵێ:

- لودڤیگ! پەنجەکانت لەبیر بکە.

- چی؟ ئەدی پاشان چۆن بکەم؟


- تۆ دەبێ گوێ لە دڵت بگری. کاتێک بێتهۆڤێن ئاوازە کۆتاییەکانی دانا، ئەو پێشتر کەڕ بوو. کاتێک ئەو پیانۆی لێ دەدا، شولکەدارێکی بچووکی لە نێوان ددانەکانی دەنا و بەرەو



پیانۆکە پاڵی دەدا. ئەوسا دەیتوانی هەست بە تۆنەکان بکات.
لەوێ بەدواوە، ئەو نەیدەتوانی دەنگەکان ببیسێ. بەڵام لە دڵی بێتهۆڤێندا، موسیکەکە لە هەموو جارانی پێشووتر پوختتر و بەچێژتر لێ دەدرا. تۆش دەبێ ئەوها موسیک لێ بدەی.
لودڤیگ! بە دڵت موسیک لێ بدە.
ئەودەم لودڤیگ هەوڵ دەدات. ئەو هەوڵ دەدات پەنجەکانی خۆی لەبیر بکات. ئەو باشترین هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی وا پێشان بدات کەڕە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک دوگمەکان دادەگرێ، هەر ڕاست دەرناچێ. لودڤیگ دەڵێ:
- ببوورە. لە ڕاستیدا دڵی من بیر لە شتێکی تر دەکاتەوە.
- باشە بیر لە چی دەکاتەوە؟
- لە شتێک کە مرۆڤ نەتوانێ بە هەموو کەسێکی بدات. شتێک کە بە ڕاستی مانا بدات.
- کەوابێ باشترە تۆ لە ئارامیدا بیر بکەیتەوە، چونکە وەڵامی پرسیارەکان سەختن. ڕۆژێکی تر وەرە ئێرە و مەشقی زیاتر بکە.
ئەوسا کە لودڤیگ دەڕوات و دەگاتە لای دەرگاکە، ئیتر بەڕێز هێننیگسێن مژێک لە سیگارەکەی دەدات.
دووکەڵەکە لە هەوادا دەمێنێتەوە و پەنگ دەخواتەوە.
بەڕێز هێنننینگسێن دەڵێ:

- میهرەبان بە و لە لایەن منەوە سڵاو لە دایکت بکە؟

لـە دەرەوە بـاران دەبـارێ. لـە دارەکانـەوە دڵـۆپە دەکـات و لـە مــەزرووکی خانووەکـەی ماڵــی کەتــەریناوە دەڕژێتــە خــوارەوە. دۆزینــەوەی ئــەوێ ســەخت نــەبوو. ســەخت نییــە کاتێـک مـرۆڤ پاشناوەکەی بزانێ.



ئەدرێسەکە لە ڕابەرنامەی خوێندنگەدا نووسرابوو.


لەسەر سندووقی پۆستی تەنیشتی ڕێگاکە نووسراوە: سڤان.

لودڤـیگ خـۆی لەسـەر چیمەنەکـە ڕاوەسـتاوە لـە تەنیشـت کورسییەکی خۆدانەبەر هەتاوی لەوێدا بەجێ هێڵـراو و، تەماشـای پـەنجەرەیـەک دەکـات لـە نهـۆمی سـەرەوە. لـە دیـوی ژوورەوەی پـەردە بۆلبەرینـە زەردەکـەی ئەوێـدا ڕوونـاکی دیـارە. لودڤـیگ دەزانێ کەتەریناش لەو ژوورەیە. چونکـە بـە هـۆی ئـەو پەنجـەرە نیوەکراوەوە، لودڤیگ دەتوانـێ گـوێی لـە دەنگـی کەتـەرینا بـێ. کەتەریناش هەمان ئاوازی گۆرانیی غەماوی و شادی دەچـرێ، کـە لودڤیگ پێشتر کەڕەتێک گوێی لێ بووبوو.

پـاش نزیکـەی نیوکـاتژمێر سـێبەری کەتـەرینا دەبینـێ کـە لـە سـەرووی پـەردە بۆلبەرینەکـەوە دەجووڵـێتەوە. کەتـەرینا لای پەنجەرەکەوە ڕادەوەستێ وەک ئەوەی هەست بکات یـەکێک لـە دەرەوە لەبەر بارانە و بیری لێ دەکاتەوە.

لەپێشدا کاتێک کەتەرینا بزر دەبێ، ئـەوجا لودڤـیگ هەسـت بـە سەرما دەکات.

نـاو پێڵاوەکـانی تـەڕن. ئـەویش بـە جۆرێـک سـەرمایەتی، کـە ددانەکانی شەقەشەقیان لێوە دێ.





# شتێکی تایبەت
# لەگەڵ دایکی لودڤیگ

کاتێـک دەبێتـە ڕۆژی دووشـەممە، لودڤـیگ لـە هـیچ شـوێنێک کەتەرینا نابینێ. نە لە حەوشـەی خوێندنگەکـە و نـە لـە مەیدانـە چەوەکەش دیار نییە. بەڵام گرنگ نییە. لودڤیگ هێشتا بۆی ساغ نەبۆتەوە چی بە کەتەرینا بدات.

لەبەر ئەوە نایەوێ لەگەڵ ئەوانی تر بۆ سەر کەرەکەکـە بـڕوات، چونکە بە دڵنیاییەوە کەتەرینا لەوێ ڕاوەسـتاوە و یـەک لـە دوای یەک پاڵ بە کوڕەکانەوە دەنـێ بـۆ نـاو دەریاچەکـە. ڕاسـتی خـۆ لودڤیگ هەڵامەتیەتی.

سیمۆن دەپرسێ:


- ئەوە چییە؟ ئایا تۆ نەخۆشی یان شتی تر؟

لودڤیگ چڵم دەسڕێ:

- بەڵێ، من هەڵامەتمە. گوێت لێ نییە؟

یوهان دەڵێ:

- باشە کەی چاکتر بووی، ئەوسا دەتوانی بێی.



بەو شێوەیە ئەوان بە سواریی باسکیل دەڕۆن بۆ ئەوەی جلەکانی مەلــەوانییان بهێــنن. لودڤــیگ گەشــتێک بــە تەنیشــتی ماڵــی کەتەرینادا دەکات. ماڵەکە چۆڵ دیارە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، لودڤیگ بە لانی کەمەوە چارەگێک لەوێ ڕادەوەستێ و تەماشـای پەنجەرەی ژوورەکەی کەتەرینا دەکات. پاشـان ئـەو بـە سـواریی باسکیل بە لاڕێیەکی دووردا لێدەخوڕێ هەتا بگەڕێتەوە ماڵ.

کاتێـک لودڤـیگ دەگاتـەوە مـاڵ و بانـگ دەکـات، دایکـی وەڵام ناداتــەوە. دایکــی لــە ئاشــپەزخانەکەدا نییــە. لەوێــدا ماکینــەی دروومانەکـــە لەســـەر ســـفرەکە بەجێهێڵـــراوە. لـــە هۆڵـــی دانیشتنەکەشدا، ڕادیۆکە بۆ خۆی دەنگی لێوە دێ.

لودڤیگ لە ژووری خەوتنەکەدا دایکی دەبینێتەوە.

دایکی بەرانبەر ئاوێنە گەورەکەی ئەوێ ڕاوەستاوە.

ئـەو پرچـی لای سـەرەوە بەسـتووە و جـوانترین کراسـی شـینی بەفراویی خۆی لەبەر کردووە. لەسـەر چەرچـەڤ سیسەمەکەشـدا، کۆمەڵێک جلوبەرگی تری لێیە کە دایکی تاقییانی کردوونەتەوە.

دایکی دەڵێ:

– ئۆه، ئەوە تۆی؟ ئەمڕۆ زووتر تەواو بوون؟

دایکی خەواڵوو دیارە، وەک ئەوە وایە لە خەونێک ڕاپەڕیبێ.

لودڤیگ دەڵێ:

- بەم نزیکانە کاتژمێر دەبێتە سێ و نیو. چیت بەسەر هاتووە؟ شتێکی تایبەت هەیە؟

دایکی دەڵێ:

- بەڵێ. هێنینگسێن تەلەفۆنی کرد. پرسیاری ئەوەی کرد، بەڵکوو چوارشەممە بە خواردنێکی خۆش داوەتم بکات. هێنینگسێن گوتی: بەڵکوو پاش ئەوەش بتوانین شتێکی خۆشی تر بدۆزینەوە.

لودڤیگ دەپرسێ:

- ئەی تۆ گوتت چی؟

- گوتم بە خۆشییەوە دەمەوێ.

- مرۆڤ هەموو کەسێک بۆ خواردنی خۆش داوەت ناکات؟

- نەخێر.

- بۆ شتێکی خۆشی تریش لە پاش ئەوە، هەر نا؟

دایکی چرپەیەک دەکات:

- نەخێر و، ڕوومەتەکانی سوور هەڵدەگەڕێن.

لودڤیگ دەڵێ:

- باشە. کەواتە منیش دەزانم چی دەکەم.



# نەرمەچلووره و
# یاریی فلیپپێر

لودڤیگ بەختی هەیە. کاتێک دەبێتە ڕۆژی چوارشەممە، ئەستۆی کەتەرینا دەبینێ کاتێک دەچێتە هۆڵی نان خواردنەکەوە هەتا خواردنی ئەو ژەمە بخوات. خواردنەکە پارچەماسیی سووره‌وەکراوە لەگەڵ گێزەر و پارچەپەتاتەی کوڵاو. بۆیە لودڤیگ لەگەڵ ئەمەشیان هەر بەختی هەیە. چونکە ئەوسا دەتوانێ لە کەتەرینا بپرسێ، بەڵکوو بتوانێ بە شتێکی خۆش داوەتی بکات. کەتەرینا دەپرسێ:

– چی؟ دەتەوێ بە چی داوەتم بکەی؟

لودڤیگ زەردەخەنەیەک دەکات:

– دوایی دەیبینی. پاش ئەوەش دەتوانین شتێکی خۆشی تر بکەین. ناشیڵێم ئەو شتە چییە.

لودڤیگ، کەتەرینا بۆ لای کەبابخانەکەی هارری دەبات.

سیمۆن و یوهان پێشتر لەوێن. ئەوان وەک هەموو جارێک ڕاوەستاون و خۆیان بە قەد ماکینەفلیپپێرە کۆنەکەی سووچەکەدا داوە. بەڵام ئەمڕۆ لودڤیگ گوێ بەوان نادات. ئەو یەکسەر کەتەرینا بۆ لای پێڕک (دیسک)ەکە دەبات.

لودڤیگ دەڵێ:

– لێرە هەموو شتێک هەیە. هەمبرگر، نانی تەنکی لوولەک، باسترمەی ویێنێر و چلوورە. ئیتر هەر ئەوەیە و هەڵبژێری. من خۆم نەرمەچلوورەیەکم دەوێ تەواوێک شەکری وردی بەسەرەوە بێت.

کەتەرینا دەڵێ:

– من ئەوەم ناوێ. من چلوورەیەکم دەوێ شلەی شوکولاتی بەسەرەوە بێت.

ئەوان لەزەت لە چلوورەکان وەردەگرن، لە کاتێکدا تیشکی ڕۆژەکە لە پەنجەرەی دوکانەکەوە لە ژوورەوە دەدات. ئەوان بۆنی هەمبرگر و پەتاتەی تیرەتیرەکراوی سوورەوەکراو هەڵدەمژن. لودڤیگ دەتوانێ بە لاتیلێکی چاو سەری زمانی کەتەرینا ببینێ، کاتێک کەتەرینا چلوورە دەخوات. زمانی پەمەییە و کەمێکیش تیژە. لودڤیگ چرپەیەک دەکات:

– بەڕاستی ئەمە خۆشە.

کەتەرینا دەڵێ:

– بەڵێ.

– بەڵام ئێستا شتە خۆشەکەی تر دەکەین.

– چی؟

لودڤیگ دەڵێ:



– یـاریی فلیپپێـر دەکــەین و، ئیتــر نــانی کۆتــاییی چلوورەکــە دەخوات.

لودڤیگ هەموو شـتێک بـە کەتـەرینا پێشـان دەدات. ئـەو پێشـان دەدات کـە چـۆن مـرۆڤ بتوانــێ وا لــە فلیپپێرەکـان بکـات لـە چاوتروکانی دروستدا نیشانە بپێکن. چۆنیش مرۆڤ بە زگـی پـاڵ پێوە بنێ بۆ ئەوەی لە خولـەکی هـەرە دواییـدا ڕێـڕەوی تۆپەکـە بگۆڕێ.

لودڤیگ دەڵێ:

– ئەمــە وەک موســیک وایــە. تێدەگــەی؟ مــرۆڤ دەبــێ کـێش "ڕیتم"ی خۆی بدۆزێتەوە.

– من نازانم. باوەڕ دەکەم.

– هیچ مەسـەلەیەک نییـە. تـۆ زوو فێـر دەبی. ئێمـە بـۆ خۆشـی پێشبڕکێیەک دەکـەین. ئەگـەر تـۆ پاشـی هـەمووان یـاری بکـەی، دەبینی ئێمە چی دەکەین.

سیمۆن تۆپی یەکەم دەهاوێ. پاشـان نـۆرەی یۆهـان دێ. بـەڵام پـێش ئـەوەی لودڤـیگ دەسـت پـێ بکـات، ئـەوان دەڕۆن و هــەر یەکێکیان کۆکا-کۆلایەک دەکڕێ، چونکە ئەوان دەزانن کـە ئەمـە وەختی دەوێ. ئەوان ئارەزوویان لـێ نییـە یـەک چرکـە لەدەسـت بدەن.

یۆهان چرپەیەک بۆ کەتەرینا دەکات:
– ئێستا دەست پـێ دەکـات. ئێسـتا پاڵـەوانەکە دەبـینی. کـەس بەرانبەر ئەو بەختێکی نییە لێی بباتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمڕۆ لودڤـیگ پاڵـەوانێتییەک نانوێنـێ. مـرۆڤ ئەوەی بۆ ناکرێ ئەگـەر کچێکـی بـرادەری هـەبێ و زۆر لـە نـاخی خۆیدا خۆشی بوێ. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو هێندە بە جـوانی یـاری دەکات، کە هارری لە کەبابخانەکە وچانێک وەردەگرێ بۆ ئـەوەی بێت و تەماشا بکات.
هارری دەڵێ:
– هەموو جارێک خۆشە تەماشای لودڤیگ بکەی یاری بکات.
لودڤیگ لێدەگەڕێ تۆپەکە بـەناو ڕیـزە گڵـۆپەکاندا بـڕوات. ئـەو پێویستیی بەوە نییە سەیری پەنجەکانی بکـات. وەک ئـەوە وایـە یارییـەک بکـات کـە هـەزار جـاری کردبـێ. ئـەو حـەز لـەو یارییـە دەکات. ئەو ئێوارانانەی بەبیر دێنێتەوە کە لەگەڵ باوکی پێکـەوە یاریی فلیپپێریان دەکرد. بەو شێوەیە خۆی فێر کردبـوو، ئـەوەی کە ئێستا دەتوانێ. هەر بەو شێوەیەش کاتژمێرەکەی بردەوە کـە لە دەوری مەچەکی دەستیدایە.
باوکم گوتی:
– هەر کاتێ تۆ لێم ببەیتەوە، کاتژمێرەکەی خۆمت دەدەمێ.
ئەمە هاوینی ڕابووردوو بوو.

ئێستا ئەو هەست دەکات کەتەرینا بە نەرمی دەست لە شانی دەدات.
ئەوسا تۆپی هەرە دواییان بە نێوان فلیپپرەکاندا خلۆر دەبێتە خوارەوە.
سیمۆن زۆر بە پرسیارەوە دەڵێ:
– چی؟ میلیاردێکیش نەبێ.
لودڤیگ دەڵێ:
– من هەڵامەتمە. لەگەڵ ئەوەشدا دەیبەمەوە.
ئێستا نۆبەی کەتەرینایە.

کەتەرینا هەر لە یەکەم جار باشترین سەرکەوتن بەدەست دێنێ. هەموو یارییەکە وەکوو دەمەچەقانێک بڵێسەی لێ هەڵدەستێ. پاشانیش بە هەمان شێوە بەردەوام دەبێ. لە تۆپی دووەمدا، کەتەرینا مولتیبال (چەندجارە) وەردەگرێ. ئەوسا هەموو تۆپەکان لە یەک کاتدا لە ژوورەوە بە دەوردا دەسووڕێنەوە و بە جۆرێک دەبریقێنەوە کە لودڤیگ دەبێ چاوەکانی خۆی بگوشێ.
لودڤیگ لە پشتی کەتەریناوە چرپەیەک دەکات:
– جوانە.
ئەوسا کەتەرینا تەنها سەری دەلەقێنێ. ئەو لە خۆشیاندا ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕاون. هەرچەندە ئەو یارییەکەی

گەیاندە تۆپی هەرە دواییان، کەچی تەنها دوو هـەزار لـە لودڤـیگ کەمتر وەردەگرێ.

لودڤیگ دەڵێ:

- مـن تـێ ناگـەم لـەوەی کـە تـۆ پێشـتر هـەرگیز ئـەم یارییـەت نەکردبێ.

کەتەرینا دەڵێ:

- کێ گوتوویە من ئەم یارییەم نەکردووە؟

لە ڕێی گەڕانەوەدا، یۆهان و سیمۆن لـە پێشـەوە ڕادەکـەن. بـەو شێوەیە کەتەرینا دەتوانێ دەستی لودڤیگ بگرێ.

لودڤیگ دەڵێ:

- دەتوانین ئێستا پێکەوە بین؟

کەتەرینا بزەیەک دەکات:

- هێشتا نا. بەڵام دڵنیابە بەم زووانە بۆت دەردەکـەوێ مـن چـیم دەوێ.

ئەودەم لودڤیگ بە دەستەسڕی نەرمەچلوورەکە لووتی دەسڕێ.

# لودڤیگ
# بە چاوێکی نوێوە تەماشای شتە کۆنەکانی دەکات

ڕۆژی هەینی، دایکی بڕیار دەدات لودڤیگ لە ماڵەوە بمێنێتـەوە و ئاگای لە هەڵامەتەکەی بێ بـۆ کـاتی پێشـبڕکێکە. لودڤـیگ-یـش وەختەکــە بــۆ ئــەوە بــەکاردێنێ لــووتی بســڕێ و چاوێــک بــە شــتەکانیدا بخشــێنێ، لــە کاتێکــدا دایکــی لــە ئاشــپەزخانەکە دانیشتووە گینگەگینگ دەکات و بە هەڵـە دەدوورێ. ناوەنـاوەش بـانگی لودڤـیگ دەکـات بچێـت و چاکەتەکـە تـاقی بکاتـەوە، کـە قۆڵەکانی هەمیشە یەکێکیان درێژ و یەکێکیان کورت دەردەچن.

دایکی پێدەکەنێ:

- من تێ ناگەم. لەڕاستیدا، خەیاڵەکانم لە شوێنێکی ترن.

لودڤیگ دەڵێ:

- هی منیش هەر بەو شێوەیە.

لودڤیگ بیر لەوە دەکاتەوە، چی بـە کەتـەرینا بـدات بـۆ ئـەوەی بیسەلمێنێ کە بە ڕاستی خۆشی دەوێ. لودڤیگ هەموو شتەکانی خۆی هێناوەتە گۆڕێ بۆ ئەوەی بزانێ ئەگەر بە کەڵک بێن. بـەڵام کاتێک بە چاوی کەتەریناوە تەماشایان دەکـات، وەک ئـەوە وایـە

هەموویان شاکاری کۆنی خۆیـان لەدەسـت دابـێ. جێـی ڕنراویـان لەسـەر دەبینـێ کـە پێشـتر قـەد نـەیبینیوە. زۆربـەی شـتەکان لـەناکاودا هێنـدە شـڕوپڕ دەردەکـەون، کـە ئـەویش دەیانخاتـە کارتۆنێکـەوە و دەیانبـات بـۆ ئـەوەی بیانخاتـە لاوە و لـە هەورەبانەکە دایان بنێ. دایکی دەڵێ:

– چەند باشە تۆ ژوورەکە پاک دەکەیتەوە.

لودڤیگ دەڵێ: بەڵێ.

ئێسـتا شـتەکانی منداڵـیی لودڤـیگ لەوێـدا لـە کارتۆنەکـەدان: سێریالی ڕۆژنامـە تێکچووەکـان، ئاژەڵـی نـەرم کـە بـە تونـدی بـە ڕوومـەتی خۆیـەوەی دەچەسـپاند کاتێـک دەیویسـت بخـەوێ، ئۆتۆمۆبیلە نوێیەکەی کە هەرگیز بە تەواوی ئامـادە نـەبوو و قـەلا بەرزەکـەی لـە کـانزا دروسـت کرابـوو کـە دایـک و بـاوکی کاتێـک چووبوونە پـاریس بـۆ ئـەوەی بەیـەک بگەنـەوە، بۆیـان هێنـابوو. ئێستا هەموو شتەکانی پێکەوە لە هەورەبانەکە بەجێدەهێڵێ.

پـاش ئـەوە دەگەڕێتـەوە ژوورەکـە و دوو شـت دەخاتـە نـاو قوتوویـەکی لـە تەنەکـەوە، کـە پێشـتر پەڕەجگـەرەی تێـدا هەڵدەگیرا.



کاتێــک لودڤــیگ تەلــەفۆن دەکــات، دایکــی کەتــەرینا وەڵام دەداتەوە. بـەڵام لودڤـیگ گـوێی لێیـە چۆن بـاوکی کەتـەرینا لـە دوورەوە بانگ دەکات.

باوکی کەتەرینا بانگ دەکات:

– ئەوە کێیە وا قسەی لەگەڵ دەکەی؟

دایکی کەتەرینا دەڵێ:

– ئەوە بۆ من نییە.

پاشان کەتەرینا بۆ لای تەلەفۆنەکە دێ.

لودڤیگ لە هەیوانەکەدا ڕاوەستاوە و دەموچاوی بە پەردەکەوەیە و هێندە بە نزمی قسە دەکات، هەتا دایکی لە سەرووی گیزەگیزی مەکینەی دروومانەکەوە گوێی لێ نەبێ. لودڤیگ دەڵێ:

– ناتوانین بەم زووانە یەکتر ببینینەوە؟

– بەڵێ، چاک دەتوانین.

– باشە کەی؟

– ڕۆژی شەممە. کاتژمێر حەوت و نیو لای کەرەکەکە یەکتر دەبینین، چونکە ئەوسا کەسی تری لێ نییە. پێت باشە؟

لودڤیگ دەڵێ: بەڵێ.

لودڤیگ دەڵێ بەڵێ، چونکە هەموو شتێکی تری لەبیر کردووە. ئەو بێتهوڤێن–ی لەبیر کردووە. ئەو پێشبڕکێکەی لەبیر کردووە کە کاتژمێر هەشت دەست پێ دەکات. ئەوەشی لەبیر کردووە کە بەڕێز هێنننینگسێن بە ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە دێت و دەیانبات.



# جارێکی تریش لای کەرەکەکە

کاتێک کاتژمێری قەد دیواری ئاشپەزخانەکە لە سەرووی حەوتەوەیە، هێشتا قاتەکەی لودڤیگ تەواو نەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی شەممەیە. بەرگە سوورەکەی چاکەتەکە لە لایەکەوە بەدەردەکەوێ، کە لودڤیگ لە ناو ژوورەکە نابێ بۆ ئەو لایە خۆی بسووڕێنێ.

دایکی پەنجە بە لێواری چاکەتەکەدا دەکات و دەڵێ:

– ماریا عیسا.

لودڤیگ دەڵێ:

– گوێی مەدەرێ. ئەوهاش باش بەکەڵک دێ.

– ئائا. تۆ هەر ئاگات لێی بێ ئەو لایە بە جەماوەرەکە پێشان نەدەی، چونکە من ئێستا پەلەمە. بەم نزیکانە هێننینگسێن دێ. پێش ئەوەش دەبێ ئامادەبم. پێت وایە کە خۆت بتوانی بۆینباخەکەت ببەستی؟

- بەڵێ. ئێستا خێرابە و بەڕێ بکەوە.

ئـەودەم دایکـی دەچێتـە ژووری سەرشـۆرکەکەوە. دایکـی پاڵـتۆ سەوزەکەی پاش خۆشووشتنی لەبەردایە. لودڤـیگ-یـش دەزانـێ لە ژوورەوە زۆری پێ دەچێت. لەبەر ئـەوەی زۆری پـێ دەچێـت، کاتێک بیەوێ بەڕێز هێننینگسێن ببینێ. ئەو دەبێ خـۆی بشـوات و پرچی بشوات و دڵۆپێک گوڵاو بە پشتی گوێیدا بکات.


دایکی بزەیەک دەکات:

- باش دەبێ. تۆ نابێ نیگەران بی، چونکە هەر منم و ئیتر بەشی هەردووکمان دەکات.

بـەو شـێوەیە دایکـی دەرگـای ژووری سەرشـۆرکەکە دادەخـات. ئـــەودەم لودڤــیگ پـــێڵاوە بریقـــەدارەکانی لـــە پـــێ دەکـــات و قەیتانـەکانیان گـرێ دەدات. بۆینباخەکـەی کـە دایکـی لـە بـەڕێز هێننینگسێن-ی قەرز کردبوو بۆی، لەگەڵ دەستەسرەکانی لـووت و قوتووەتەنەکەکــە دەخاتـــە گیرفـــانی چاکەتەکـــەی. پاشـــان پارچەکاغەزێک بۆ دایکی دەنووسێ.

لودڤیگ دەنووسێ: "ببوورە". "شتێک هەیە و مـن دەبـێ سـەرەتا ئـەنجامی بـدەم. مـن دەچمـە سـەر دەریاچەکـە. بـەڵام هەرچەنـد بتوانم زووتر بۆ پێشبڕکێکە دێمەوە. نیگەران مەبە. لودڤیگ"

لودڤـیگ پارچـە کاغەزەکـە دەخسـاتە نـاو پـێڵاوە جوانـەکانی دایکییەوە و لەسەر ڕووی مێزەکە دایان دەنێ.



لودڤیگ هێندەی لە توانایدایـە، بـە خێرایـی باسـکیل لێـدەخوڕێ. بەڵام لە تەنیشت دارکاژەکەی ڕۆخی دەریاچەکە ڕادەوەستێ. ئەو گوێ بـەوە نـادات کـە مێشـووله لەسـەر دەموچـاو و دەسـتەکانی هەڵدەنیشن. ئـەو وەکـوو پێویسـت گـوێ بـە هەناسـەوەرگرتنیش نادات. چونکە کەتەرینا لەسەر کەرەکەکە دانیشتووە و پێیـەکانی لەناو ئاوەکەدان و ئەو گۆرانییە دەچرێ کە پێشتر هەر گیزەگیزی پـێ دەکـرد. کەتـەرینا جلەسـوورەکەی مەلـەوانیی لەبەردایـە. هـەتاوی ئێـوارە لەسـەر دڵـەزێڕەکەی دەدرەوشـێتەوە و ئـەو وشانەی ئەو لە گۆرانییەکەیدا دەیچرێ، لودڤیـگ هـیچ لێیـان تـێ ناگات.

کاتێک کەتەرینا لودڤیگ دەبینێ، بە پێچەوانەوە بێدەنگ دەبێ.

کەتەرینا بە تیلەی چاو تەماشای لودڤیگ دەکات و دەستی ڕادەوەشێنێ. کەتەرینا بانگ دەکات:

- ئای خوایە، تۆ ئەمڕۆ جلی چەند جوانت لەبەرە. وەرە با مەلەوانی بکەین.

کەتەرینا لە نیوەی ڕێ دەگاتە لودڤیگ، کاتێک ئەو چاکەت و پانتۆڵەکەی لەبەر دەکاتەوە. لودڤیگ قوتووەتەنەکەکەی لەژێر لاستیکی دەرپێ قووتەکەیەوە داناوە. ئەوان یەکسەر دەچنە ناو ئاوەکەوە و هەتاوەکەش لە پشتیان دەدات، هەتا کاتێک زیاتر هەست بە ئاوەکە ناکەن. هەروەک ئەوە وایە ئەوان بفڕن. بەزوویش خەریکە کات لەبیر بکەن و بکەونە ئاسمانی مەلەوانییەوە، ئەگەر ئەودەم لودڤیگ نیگایەکی لە کاتژمێرە دژەئاوەکەی نەکردایە.

- شەیتانینە. ئێستا دەبێ بگەڕێینەوە.

- لەبەرچی؟

- من دەبێ پیانۆ لێ بدەم. ئەم ئێوارەیە پێشبڕکێیە. بەڵام پێش ئەوە، دەبێ شتێک بە تۆ پێشان بدەم.

- چی؟

- شتێکی باش. لەناو دەرپێ قووتەکەمە.

ئەودەم کەتەرینا بە جۆرێک پێدەکەنێ، کە لودڤیگ خۆی نقووم دەکاتە قوڵاییی تاریکایی و بێدەنگییەکەی ژێر ئاوەکەوە. کاتێک

لودڤیگ دەگەڕێتەوە سەرەوە، لە کەتەرینا دەپرسێ ئەو گۆرانییە چی بوو پێشتر دەیچری.

- هەر گۆرانییەک بوو. باپیرەم ئەو گۆرانییەی فێر کردووم. هی دەرەوەی وڵاتە.

- گوێم لێ بووە.

پاشان ئەوان هیچ ناڵێن هەتا ئەو کاتەی لە لێواری کەرەکەکە دادەنیشن و بەو کزەبای شەماڵی ئێوارە درەنگانە وردە وردە سەرمایان دەبێ.

- دەتوانم ئێستا ئەو شتە ببینم کە تۆ دەتویست پێشانمی بدەیت؟

- ئێرە. ئەمە بۆ تۆیە.

لودڤیگ قوتووەتەنەکەکە بە کەتەرینا دەدات. کەتەریناش دەیکاتەوە. سەرەتا ئەو چەقۆ گچکەیەی سەر گیرفان دێنێتە دەرەوە کە لودڤیگ لە بەرێز هێنینگسێنی وەرگرتبوو، هەتا هەمیشە لەسەر جلوبەرگە تایبەتییەکەی ئاهەنگدا بیبەستێ لەو کاتانەی لە کۆنسێرتەکان موسیکی لێ دەدا. پاشان ئەسپەزەرییە وشکەکە دەردێنێ. کەتەرینا بە قامکی دۆشاومژەی بە ساکاری لە پۆزی ئەسپەکە دەدات. ئەودەم لە تەنیشتی چەقۆکە لەناو قوتووەکە دایدەنێ و بۆ لای لودڤیگ پاڵی پێوە دەنێ.

- چی، ئەوەش شتە ڕاستەکە نەبوو؟

- نەخێر.

ئەودەم لودڤیگ کاتژمێرەکە لە دەستی دەکاتەوە. لەناو دەستی خۆیدا دەیکێشێ. بەو شێوەیە مەچەکی دەستی کەتەرینا دەگرێ و لەوێدا دەیبەستێ. لودڤیگ دەڵێ:

- ئەدی ئێستا؟ ئێستا پێکەوە بین؟

ئەم کاتژمێرە بەرگەی ئەوە دەگرێ ئەگەر مرۆڤ هەتا قوڵاییی سی مەتریش بچێتە ژێر ئاوەوە.

کەتەرینا تەماشای کاتژمێرەکە دەکات. ئەو هێندە زۆر تەماشای دەکات، بەقەد ئەو ماوەیەی پاسقەمەرەیەکی شین بە لایتی هەڵکراوەوە لەسەر ڕێچکەی پڕ تاسەی دارستانێکدا بشڵەقێ. ئەودەم سەری دەلەقێنێ.

کەتەرینا دەڵێ:

- من غەمبارم. ئەمە پێشان دەدات کە تۆ بەڕاستی منت خۆش دەوێ. بەڵام نەک ئەوەی کە بزانی من کێم.

- بەهەرحاڵ، هەر ئەوەندەم هەبوو. ئێستا هیچ شتێکی ترم نییە.

لودڤیگ هەڵدەستێتەوە و لەسەر سەر خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەوە.

ئەو لەژێر ئاوەکەوە مەلەوان دەکات هەتا ئەو کاتەی دڵی خەریکە لە لێدان بکەوێ، چونکە ئەو نایەوێ هەرگیز سەر ئاو بکەوێتـەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک دێتە سەرەوە، دایکی لە قەراغەکەدا ڕاوەستاوە و لنگەکانی پانتۆڵەکە هەڵـدەتەکێنێ و بانـگ دەکـات لودڤـیگ پەلــە بکــات، دەبووایــە ئــەوان لــەمێژە لــە خــانووی کۆنسێرتەکەدا بووایەن و، هەروەها چاکـەت و پانتۆڵەکەشـی لـۆچ بوونە.

دایکی بانگ دەکات:

– ئەوە خەریکی چیی؟

تۆ بە هیچ شێوەیەک گوێ نادەیتێ چی دەبێ؟

نەخێر، ئەو بە هیچ شێوەیەک گوێ ناداتێ.

# ئاوازی
# دڵ

دایکـــی لـــە ئۆتۆمۆبیلەکـــەدا یارمـــەتیی لودڤـــیگ دەدات قۆڵـــە تەڕەکانی بخاتە ناو قۆڵـەکانی کراسـەکەیەوە. دایکـی بـەوەش ڕا دەگـــات بۆینباخەکـــە بـــە دەوری ملـــی لودڤـــیگ-دا ببەســـتێ، ئەگەرچی ئۆتۆمۆبیلەکـە و دەسـتەکانی دەلـەرزێن کاتێـک ئـەوان بەسەر ڕەگەدارەکانی سەر ڕێچکەی ناو دارستانەکەدا لێدەخوڕن.

– چۆن توانیت هەر بەو شێوەیە بزر بیت؟

لودڤیگ وەڵام ناداتەوە. بەڵام بەڕێز هێننینگسێن بزەی دێ، کـە لـەوێ لـە پـاڵ فرمـانی ئۆتۆمۆبیلەکـە بـە جلوبەرگـە کۆنەکـەی ئاهەنگـەوە دانیشـتووە و لـە سـیگارەکەیەوە هـەوری بچـووک لـە بەختیاری و دڵنەواییەوە بەڕێ دەکات.

بەڕێز هێننینگسێن خەنینێک دەکات:

– هەر ئارام بن. لودڤیگ هەر یاری دەکات.

لودڤیگ هەر وەک منداڵێک وایە. هـەر وەک (ۆلفگانـگ ئامـادێوس مۆزارد) وایە.

بەڕێز هێنینگسێن زیاتر بەنزینی دەداتێ. لودڤیگ-یش سەری دەخزێنێتە ناو کراسە شینە هەورییەکەی دایکی و چاوی دەنووقێنێ. ئەو بیر لە کەتەرینا دەکاتەوە. پێش ئەوەی پاسقەمەرەکە بەرەو سەرەوە بسووڕێتەوە، بۆ دواهەمین جار شێوەی کەتەرینای لە ئاوێنەکەوە بینی. ئەودەم کەتەرینا لە ئاوەکەوە هاتبووە دەرەوە و بازێکی بەسەر بەردەکانی ڕۆخەکەدا هەڵدا.

لودڤیک بیر دەکاتەوە: من بەو شێوەیە کەتەرینا بەبیر خۆم دێنمەوە. کەتەرینا بۆ هەمیشە لە هەوادا دەسووڕێتەوە و هەرگیز زەوی بەکار ناهێنێ.

هەرچەندە لودڤیگ درەنگ دەگاتێ، دەبێ بە لانی کەمەوە چارەگێک چاوەڕوان بکات هەتا سێللۆن پێشی ئەو تەواو دەبێ. لودڤیگ لە کونی پەردەیەکەوە کچەکە دەبینێ کە پیانۆ لێ دەدات، لەو کاتەشدا بەرپرسەکە خێرا کاغەزێکی نمرە لەسەرنووسراو بە هۆی دەرزییەکەوە لەسەر پشتی لودڤیگ قایم دەکات. لودڤیگ پێی خۆش بوو کاغەزەکە لە ئاستی سەر قوونی بووایە، چونکە ئەوێ پەڵەیەکی گەورەی تەڕی پێوەیە لە ئەنجامی مەلەکردن بە دەرپێ قووتەکەیەوە.

بەرپرسەکە پرتەیەک دەکات:

- ئەمە لە دواخولەکدا بوو.

ئێمــە وامــان دانــابوو، کاتێــک لودڤــیگ-مــان لــە پرۆگرامەکــەدا دەرکرد.

هێننینگسێن بە خۆشییەوە:

- ئەوسا ئێوەش باشترینتان لەکیس دەچوو.

هێننینگسێن پەنجە ساردەکانی لودڤیگ لـە نێـوان دەسـتەکانی خۆی دەنێ و دەیانجوولێنێتەوە هەتا جـارێکی تـر دەسـت بـەکار بکەنەوە.

هێننینگسێن دەڵێ:

- تکایە نیگەران مەبە. هەر لە بـیرت بـێ پاداشـت دانـەوە مانـای چییە. ئەوە وتووێژێکە لە نێوان دوو کەسدا کـە یـەکتریان خـۆش بوێ. ئەوە شتێکە بێتهۆڤێن بیری لێ دەکردەوە، کاتێـک ئـەوەی نووسی. دەبێ هەر بەو شێوەیەش لـێ بـدرێ. لودڤـیگ! بـە دڵـت موسیک لێ بدە.

ئەوسـا کــە لــە بڵــندگۆکانەوە نــاوی لودڤــیگ دەخوێننــەوە، هێننینگسێن بۆ دواجار دەست بە پشـتی لودڤـیگ-دا دێنـێ و بـە پەلە بۆ لای دایکی دەڕوات کە لەوسـاوە لـە هۆڵـەکە بـە ڕوومەتـە سوورەکانی و پەڕەی پرۆگرامەکەی سەر ئەژنۆیەوە دانیشتووە.

لودڤیگ بە خێرایی و بە پشتاوپشت بـەرەو لای پیانۆکـە دەڕوات بە جۆرێک کە ڕووی لە خەڵکەکەیە هەتا کەس نەتوانێ پشتەوەی

تـەڕی ببینـێ، یـاخود بەرگەکـەی کـە لـە لایـەکی چاکەتەکەیـەوە بەدەردەکەوێت.

بـەو شـێوەیە لەسـەر چوارکووچکـەی پیانۆکـە دادەنیشـێ و، دوگمـەکانی پیانۆکـە دادەگـرێ کـە ئـەو زۆر پێیـان ئاشـنایە. زۆر کـەڕەت وا ڕوو دەدات کـە ئـەو شـت دەبینـێ کاتێـک پیـانۆ لـێ دەدات: ئەسـتێرەکانی ئاسمـان، ئـاو کـە لەبـەر هـەتاودا دەبریسکێتەوە، مێرگێک بە گوڵانی هـاوین و قەرقاوڵـەوە. ئێسـتا ئەو هەوڵ دەدات، ئەو ئەڤیندارانە ببینێ کە لە بەرانبـەر خۆیـەوە لەگەڵ یەکتری قسە دەکەن. بەڵام ئەوان نایانەوێ لـە موسـیکەکە بچنە دەرەوە. ئەوان نازانن چی بڵێن. ئەویش هیچ نابینێ.

هەتا ئەو کاتەی کچێکی پرچ کورت بە جلی سووری مەلەوانییەوە بە ڕێی تەنیشت خەڵکەکەوە بۆ پێشـەوە هـەنگاو دەنـێ. کچەکـە لای خـوارەوەی نزیـک شـانۆکەوە لەسـەر یەکـەمین کورسـی دادەنیشـێ. لودڤـیگ، یەکڕاسـت تەماشـای نـاو چـاوی کچەکـە دەکات. پاشان چاوی دەنووقێنێ.

ماوەی چاوترووکانێک بە تەواوی بێدەنگ دەبێ.

دەستەکانی نایانـەوێ زیـاتر پیـانۆ لـێ بـدەن. پەنجـەکان بـەبێ جووڵـە لەسـەر دوگمـەی پیانۆکـە کـەوتوون، تـا ئـەو کاتـەی جەماوەرەکـە بـە نیگەرانییـەوە لەسـەر کورسـییەکانیان دەجووڵێنەوە. بەڵام لودڤیگ هەست پێ ناکـات. وەک ئـەوە وایـە

لەناو تاریکاییەکی هێمندا نقوم بووبێ. ئەو کاتەش کە پەنجەکان جارێکی تر بۆ سەر دوگمەکان دەگەڕێن، ئیتر ئاوازێکی تر دروست دەبێ. ئەوە شتێکە لودڤیک ناتوانێ هیچی لەگەڵدا بکات، چونکە ئێستا ئەو بە دڵی موسیک لێ دەدات. لودڤیگ ئاوازی ئەو گۆرانییە لێ دەدات، کە کەتەرینا پێشتر لەسەر ئاوەکە چریی.

ئەو ئاوازە هێندە بەهێز لە مێشکی لودڤیگ-دا دەنگ دەداتەوە، کە ئەو هەست بە هیچ ناکات. چۆن دادوەرەکان لە پشتەوەی ئەوەوە پەڕەکانیان هەڵدەدەنەوە. چۆن کە دەمەوانەی پیانۆکەش زرەزرییەتی. هەتا ئەو کاتەی دەنگەکانی کۆتایی پەرش بوونە دەرەوە و دەست بە چەپڵەلێدان کرا، ئەوجا لودڤیگ چاوەکانی کردەوە.

ئەوسا لودڤیگ کەتەرینا دەبینێ بە ڕێی چوونەدەرەوەدا بزر دەبێ.

لودڤیگ هێشتا سەری دانانەوێنێ. ئەو هەڵدەستێتەوە و بەرەو دەرگاکە دەڕوات، کاتێک یەکێک لە دادوەرەکان شانی دەگرێ.

دادوەرەکە دەڵێ:

- سوپاس. تۆ زۆر جوان پیانۆت لێ دا. بەڵام بەداخەوە ناکرێ ئەمیان لەگەڵ پێشبڕکێکەدا بژمێردرێ، لەبەر ئەوەی پێشتر پارچە ئاوازێکی تر دەستنیشان کرابوو.

لودڤیگ دەڵێ:

- دەزانم. گوێی مەدەرێ.

- بەڕاستی بەداخەوە. ئێستا ئەمەش لەبیر مەکە!

دادوەرەکـە شـتێکی لەسـەر پیانۆکـەوە هێنـابوو. دادوەرەکـە شتەکە بۆ لودڤیگ درێژ دەکات. ئەو شتە دڵێکە لە زێڕ.

دایکی بانگ دەکات:

- هەللۆ! ئەوە دیسان بۆ کوێ دەچی؟


بەڕێز هێننینگسێن دەڵێ:

- وازی لـێ بێنـە بـا ڕا بکـات و، ئیتـر دەسـتی دایکـی لودڤـیگ دەگرێ.

لودڤیگ ڕا دەکات. ئەو بەرەو دەریاچەکە ڕا دەکـات و دڵـەکەش بـە ملییـەوە شـۆڕ بووەتـەوە. هـیچ مەسـەلەیەک نییـە کـە ئـەوێ دوورە، چونکە ئـەو دەزانـێ کەتـەرینا چـاوەڕێی دەکـات. کاتێـک لودڤـیگ دەگاتـە جـێ، کەتـەرینا لێـی دەپرسـێ، بەڵـکوو ئێسـتا بتوانن پێکەوە بن؟

ئەوسا لودڤیگ بە توندی باوەشی پێدا دەکات.

لودڤیگ دەڵێ: بەڵێ، **بەڵێ**!



**ئولف ستارک**

مـرۆڤ دەتوانـێ گـوڵ بـە هـەموو کەسـێک بـدات. ئـەوە لـە "ئولـف ستارک"ی قسەخۆش و بلیمەت و سەرڕاستی نووسـەری ئـەم کتێبـەوە فێر بووینە. ئەو هەر زوو وەکوو نووسـەر ڕێگـای خـۆی گـرت و ئەوسا تەمـــەنی تـــەنها 20 ســـاڵان بـــوو، بـــۆ جـــاری یەکـــەم 1964 کۆمەڵـــەهۆنراوەیەکی بـۆ لاوان بـڵاو کـردەوە، (Ett hål till livet). یەکەمین کتێبی بۆ منـداڵان (Petter och den röda fågeln) لـە 1975 چاپ کرد. بەو شێوەیە یەکەمین سەرکەوتنی گەورەی ئەو ( Dårfinkar och dönickar) بوو کە لە 1984 دەرچوو. ئولـف لـەبیری کردبـوو کـە پێشتر ئەو دەقـەی بـۆ پێشـبڕکێیەکی کتـێبی منـداڵان نـاردووە، بۆیـە حەپەساو، سەرسام و پەشۆکاویی شـادی دەبـێ، کاتێـک کەسـێک لـە بەڕێوەبەرایـەتیی بنکـەی چاپەمـەنی و بڵاوکردنـەوەی (Bonniers)وە تەلەفۆنی بۆ دەکات و لێی دەپرسێ، کە ئایـا ئولـف سـتارک-ە وەڵام دەداتـەوە. ئولـف، بـە بەڵـێ وەڵام دەداتـەوە و گـوێی لـێ دەبـێ کـە خـەڵاتی یەکـەمینی لـە پێشـبڕکێیەک لـە چـاکترین کتـێبی منـداڵ- و لاواندا، بردۆتەوە. ئـۆی باشـە، ئولـف وەڵام دەداتـەوە. ئـەو کاتـە لـە پەلەپەلیدا، شتێکی تری بۆ نایێ. بەڕێوەبەری بنکـەی چاپەمەنییەکـە بۆی دەچرپێنێ: سەرەنجام کتێبێکی خۆشە و، ئەوەشی دەخاتە سەر کە ژیانی ئولف ستارک زیاتر بە هـەمان چەشـن نابـێ. ئولـف سـتارک سوپاسی دەکـات و وا هەسـت دەکـات وەک ئـەوە وابـێ چووبێتـە لای پیرەژنێکی فاڵگرەوە لە (Gröna Lund).

کتـێبی (Dårfinkar och dönickar) لـە هەڵەتێگەیشـتنێکەوە دەسـت پێ دەکات، کە دەبێتە هۆی غەمێکی زۆر بۆ سیمۆن بـەوەی مامۆسـتا ژنەکە لە پۆلەکەدا بـاوەڕی وایـە، کـە ئـەو کـوڕە و نـاوی سـیمۆن-ە. کتێبەکە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکی مەزنیشە، چونکە ئەوە دەگێڕێتەوە چـۆن بـاپیرە (بـاوکی دایـک)ی سـیمۆن بـۆ شـێوەبارودۆخێکی دڵـنیا دەگـەڕێ، کـە تیایـدا بـە زوویـی بمـرێ. لـە هـەمان کاتیشـدا، سـیمۆن دەچێتـــە نـــاو ژیـــانی گـــەنجاتیی خۆیـــەوە. لـــە ماڵـــئاواییەکی سەرسـووڕهێنەردا لــە نێـوان بـاپیرەی و سـیمۆن و دایکیـدا، شـوێن دواخولەکی ژیانی باپیرە دەکەوین لە ژیانیدا، کاتێک ئەوان سـاتەکانی پێشوویان بەبیر خۆیان دەهێنایەوە کە ئەوسا پێکەوە بەشیان دەکرد. "پێکەوە یادی ئـەو سـاتانەمان دەکـردەوە کـە لێمـان دەڕۆیشـتن. لـە دارسـتانی منداڵـی، بێشـە و چڵـوچێودا هەسـت بـە فێنکـی دەکـرا. مارەژەهراوییەکان پێستەکانی خۆیان ڕادەژەنی، بەڵام ترسێک نەبوو. ئەو زەمان تیشکی هەتاو لە پاش کەشی باراناوی و مەلەوانیدا، ئێمەی ڕوونـاک دەکـردەوە و وشـکی دەکردینـەوە. ئێمـە ڕێگامـان دەدا یادەکانمـان پێکـەوە بریقـەی هـەتاوێکی شـەو بـن." ئەمـە لـە کتێبـە سەرکەوتووەکەی ئولف-دایە.

زۆر کتێب و ساڵان ڕۆیشـتن و، ئولـف سـتارک بەردەوامـە گـەورەترین ڕاستی لە غەم و شادی و خۆشەویستی تێکەڵاو بکات. من باوەڕم وایـە ئەو بە شێوەیەک دەنووسـێ، کـە هـەروەکو لودڤـیک لـە دڵـی زێڕینـدا ئـاوازی بێتهۆڤـێن و موسـیکێکی تـری بەهەسـتەوە لـێ دەدا، بـە چـاو نووقاوییەوە و بە بینینێک لە ناخدا و هەموو یادەوەرییەکانییەوە. بەو

شـێوەیە ڕاسـتی و هۆنینـەوە تێکـەڵ دەکـات و بـە وتـەی سـپینوزە دەیســـەلمێنێ، کــە ئــەو مۆڵـــەتی دەدات لـــە ( Dårfinkar och dönickar)وە دەست پـێ بکـات و، وەکـوو زمـانی بیرکردنـەوە: "هـیچ درۆی تێدا نییە، تەنها ڕێژەی ڕاستی نەبێ."

ئولف خوێندنی لـە ساڵـەکانی پێشـتر دەسـت پـێ کردبـوو. سـێریالی گۆڤاری قەدەغە، داسـتانی پۆلیسـیی جمکانـە و زۆری تـر. جارێکیـان باوکی پێشنیارێکی پەروەردانەی کرد، کە ئولف-ی لاو لـە ( Myteriet på Bounty) بخوێنێ. ئەمە بە پێی بۆچوونی ئەو سوودبەخش و هۆی گەشەسەندن بوو. ئولف هەوڵی دا بە قسەی باوکی بکات و کتێبەکـەی لەگەڵ خۆی بردە لای بانیۆکە. ئەو بـاوەڕی وابـوو ئـەوێ سروشـتێکی گونجاوە بۆ (Myteriet på Bounty)، بەڵام دوایـە خـەوی لـێ کـەوت و کتێبەکە نقوومی ژێر ئاو بوو. ئەمە خۆیشی گێڕایەوە. بۆ یەکەمین جار کاتێـک جوانکـەی لـێ هـات، بـە تـەواوی ڕاسـتییەوە دەسـتی بـە خوێندنەوە کرد. ئولف چواردەساڵان بوو و باوەڕی وابوو، ئەم نووسین و خوێندنەوەیە لەگەڵ ڕوواڵەتی نوێی ئەو دەگونجێ. ئێستا ئەو زیـاتر نایەوێ وەکوو ئارنـێ تـاممێر یـاخود سـتۆلماننێن وابـێ، بەڵـکوو وەک نووسەر دیلان تهۆماس-ی والێسکی. لەوێوە بووە میوانێکی چاپووکی کتێبخانە. جارێکیان لە کتێبخانـەی هاونیشـتیمانیباندا، پیرەمێردێکـی بـــینی بــە دەوروبـــەردا دەســـووڕایەوە و ڕووخـــۆش دیـــاربوو وەک بۆکسەرێ×-یەکی چـاو مانـدوو و قـژ سـپی. ئولـف دەگێڕێتـەوە، کـە هەمیشـە ئـارەزووی لـێ بـووە سـەگێکی هـەبێ و کاتێـک بـۆی ڕوون بۆتەوە پیرەمێردەکە بۆکسەرێ-یەک نییە و ئیڤار ل ۆ-یوهانسسۆن-

دەبێ کە نووسەرێکی بەناوبانگە، ئەو کاتـە چەنـد کتێبێکـی لـێ قـەرز دەکـات. کاتێـک (Geniet) زۆرزانیـی خوێنـدەوە، بـیری کـردەوە وەختێک ئەویش گەورە بێ کتێبی لەو جۆرە بنووسێ- کتێبی پوخت، کـە غـەم و شـادی و خۆشەویسـتیی تێـدابێ. هـەر لـەو ڕێیەشـدا مەبەستەکەی هاتە دی.

زۆر لە کتێبەکانی ئولف سـتارک کراوەنەتـە فـیلم و لـە تیڤـی پێشـان دراون. یەکێک لـەوان (Kan du vissla Johanna)یـە. ئەمـەیان ئولـف ستارک لەگەڵ ئاننا هۆگلووند پێکەوە پێکیان هێناوە کە هـەردووکیان پێشتر و دوواتر پێکەوە کاریان کردووە. ئەوان بۆ ( Min syster är en ängel) ساڵی 1996 بەهای ئاوگوست-یان وەرگرت و چەندین جار بـۆ بـەهای ئاوگوسـت پاڵـێوراون. ئـەوەی دووایـیـان ساڵـی 2000 لەگـەڵ (Den svarta fiolen) بـوو. لـە (Kan du vissla Johanna)دا، ئاننـا هۆگلوونـد دەسـتی چـەپی بـۆ ئوففـێ کردبـوو. مـرۆڤ هەسـت بـەوە دەکات، کاتێک ئەو لە خانەی بەساڵاچوواندا تراش بۆ "نـیلس" بـاپیرە "باوکی دایک"ی تازە و داهێنراوی بێررا دەکات. ئوففێ یارمەتیی دا بۆ خۆی برادەرێک باپیرەیەک پەیدا بکات، بەڕاستی لە یەکێکی لەو جۆرە دەگەڕا، باپیرەیەک کە پێی بەراز بخوات و پێـنج کرۆنییـەکیش بـدات، کاتێـک مـرۆڤ خوداحـافیزیی لـێ دەکـات. بـاپیرە نـیلس خۆشـییەکی بەشـنەکراوی لـە لایـەن "خـزم"ی نوێیـەوە هەیـە و ڕۆژەکـانی دوایـیی ژیانی لەگەڵ هەردوو کوڕە بچکۆلە فێڵاوییەکانی ئەواندا بەسەردەبات.

ئولف ستارک لەوێوە زیاتر دەستەچەپ نـەبوو، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی چووە خوێندنگە و ناچار بوو لە ژیان و هۆنراوەدا، لەگەڵ دەستەڕاست

ڕەفتار بکات، هەر وابوو. ئەمە خۆی دەیگێڕێتەوە و ئەوەشی دەخاتە سەر کە ئاننا هۆگلووند ئەمەی نەدەزانی، لەوانەیە بە گومانیش بووبێ، بەڵام لە ڕێی پەڕینەوەیدا لە پۆلی یەکەم، لە دەستەچەپەوە بۆ دەستەڕاست، دەکەوێتە بارودۆخێکی سەختەوە. بۆیە ئەمەشی دەخاتەسەر: لەبەر ئەوە نووسین خراپترین بابەتی من بووە.

لەڕاستیدا، ئێستا ئولف بە هەردوو دەست دەنووسێ.

شێل ئاندێرسسۆن

× **جۆرە سەگێکی کلک-کوڵی زلە**.

کتێبەکانی **ئولف ستارک**

- لە کتێبفرۆشی یاخود کتێبخانەکاندا پرسیاریان بکە:

Ett hål till livet 1964، Sophämtarna 1966، Skärgårdsliv 1967، Petter och den röda fågeln، bild:Per Åhlin 1975،Petter och de upproriska grisarna 1976، Patrik، bild: Kjell Ivan Andersson 1978، Lenas Tankar، bild: Per Åhlin 1979، Dårfinkar och döniskar 1984، Maria Bleknos 1985، Låt isbjönarna dansa 1986،Jaguaren،bild: Anna Höglund 1987، Sixten 1987، Karlavagnen 1989، Min vän Percys magiska gimnastiskor 1991، Kan du vissla Johanna، bild: Anna Hölund 1992، Liten، bild: Anna Höglund 1994، Hunden som log 1995، Min vän Shejken Stureby، 1995، Storebrorsan، bild: Mati Lepp 1995، Min syster är en ängel، bild: Anna Höglund 1996، Guldhjärtat، bild: Marianne Enquist 1996، Ängeln och den blåa hästen، bild: Anna Höglund 1997، Sagan om tsar Saltan، bild: Daniel Egneus 1997، Farväl Stureby 1997، När pappa visade mej världsalltet، bild: Eva Eriksson 1998، Lilla Asmodeus 1998، Inget trams 1998، Ensam med min bror، bild: Jockum Nordström 2000.

## لیستی ئەو کتێبانەی کە وەرمگێڕاونەتەسەر زمانی کوردی:

Lista över böckerna som jag har översatt till kurdiska:

1- **"تۆ هەر تۆی Du är du"**، بیتتێن مونتهێ-کاس. کتێبی پەروەردە بۆ ئەوانەی تووشی برینداریی مۆخی پشت هاتوون. ساڵی چاپ- 1999، بنکەی چاپەمەنیی میدیا، ستۆکهۆڵم- سوێد. ISBN 91-973545-3-8

2- **"ئۆریان- ئەو هەڵۆیەی لە بڵندایی دەترسا Örjan- den höjdrädda Örnen"**، نووسین و نیگار: لاش کلینتینگ.. کتێبی منداڵان. نووسینەوەی بە پیتی لاتینی و کرمانجیی ژووروو: خەلیل دوهۆکی. ساڵی چاپ- 2001، بنکەی چاپەمەنیی ئاپێک، ستۆکهۆڵم- سوێد. ISBN 91-89014-81-2

3- **ئارەزوومەندی لەسەر زووڕافە Nyfiken på Giraffen"**، سڤێن و ئینگرید زێتتێرلووند. نیگار: یوهاننا زێتتێرلووند. کتێبی منداڵان. نووسینەوەی بە پیتی لاتینی و کرمانجیی ژووروو: خەلیل دوهۆکی. ساڵی چاپ- 2001، بنکەی چاپەمەنیی زێتتێرلووند، ئۆرێبرو- سوێد. ISBN 91-973422-6-2

4- **ئارەزوومەندی لەسەر فیل Nyfiken på Elefanten"**، سڤێن و ئینگرید زێتتێرلووند. نیگار: یوهاننا زێتتێرلووند. کتێبی منداڵان. نووسینەوەی بە پیتی لاتینی و کرمانجیی ژووروو: خەلیل دوهۆکی. ساڵی چاپ- 2001، بنکەی چاپەمەنیی زێتتێرلووند، ئۆرێبرو- سوێد. ISBN 91-973422-7-0

5- **"دووربین Kikaren"**، ئینگڤێ بێرگێر. نیگار: ئون ماگنوسسێن. کتێبی لاوان. ساڵی چاپ- 2002، چاپی ئینگلاند. ISBN 91-971618-4-5

6- **"ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێک دەزانێ Doktor allvetande"**، نووسین و نیگار: ماتس ڕێهنمان. کتێبی منداڵان. نووسینەوەی بە پیتی لاتینی و کرمانجیی ژووروو: خەلیل دوهۆکی. ساڵی چاپ- 2003، چاپی ئینگلاند. ISBN 91-971618-0-2

7- **"بەلەمەکەی بۆنادێیا Bonadeyas båt"**، نووسین و نیگار: ئیرمێلین ساندمان لیلیوس. کتێبی منداڵان. ساڵی چاپ- 2003، چاپی ئینگلاند. ISBN 91-971618-7-X

8- **"پومپێ دەچێتە ناو دارستان و پۆمپێ لە جۆگەیەکدا مەلەوانی دەکات Pompe går i skogen och Pompe badar i en å"**، باربرۆ لیندگرێن. نیگار: ئێڤا ئێریکسسۆن. کتێبی منداڵان. ساڵی چاپ- 2003، چاپی ئینگلاند. ISBN 91-971618-8-8

9- **"دڵی زێڕین Guldhjartat"**، ئولف ستارک. نیگاری ڕووی بەرگ: ڕێبوار سەعید. نیگارەکانی ناوەوە: ڕێزان چالاک. کتێبی لاوان. ساڵی چاپ- 2004، چاپی ئینگلاند. ISBN 91-971618-9-6

10- **"جنۆکە لە هەموو جیهانەوە Spöken över hela världen"**، مۆنیکا زاک. نیگار: یان-ئۆکێ وینکڤیست. بۆ منداڵان و گەورەسالان. ساڵی چاپ- 2004، چاپی ئینگلاند. ISBN 91-973358-1-9